# ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی پشتیوانیی لە ئازادکردنی مامۆستا عەلی باپیر

هەروەك بۆ هەموو لایەك ئاشكرایە ساڵێك لەمەوپێش و لە (٢٠٠٣ /٧/ ١٠) بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامیی كوردستان و نووسەرو كەسێتی سیاسی و خەباتگێڕی كوردی لەلایەن هێزەكانی هاوپەیمانان و لەبارو دۆخێكی نائاسایی و بەشێوەیەكی نایاسایی و نائاسایی دەستگیركرا، لە كاتێكدا بڕیاربوو خۆی و هاوڕێكانی لە سەركردایەتی كۆمەڵ لەگەڵ هەندێ لە لێپرسراوانی (C.P.A) دانیشتنی دووقۆڵی ئەنجامبدەن. ئەم ڕەفتارە نامۆو گرتنە (متعسف)انەی مامۆستا عەلی باپیر هەر لە سەرەتاوە بووە جێگای ناڕەزایی هێزە سیاسییەكان و بەشێكی گرنگ لە ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی كوردستان داوای ئەوەكرا كە بەزووترین كات ئازادبكرێت و ئەگەر تۆمەتێكیشی دراوەتە پاڵ ئەوا لەبەردەم دادگایەكی ئاشكرادا لە دادگاییكردنێكی عادیلانە بەهرەمەند بێ.

بەڵام بەداخەوە سەرەڕای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر گرتنی مامۆستا عەلی باپیردا هێشتا ئازاد نەبووەو تەنانەت تۆمەتێكی ئاشكراشی نەدراوەتە پاڵ و تائێستاش ڕێگا بە هاوسەرو ئەندامانی خێزانەكەی نەدراوە كەسەردانی بكەن و لەسەلامەتی و باری گشتی دڵنیانین. بۆیە ئێستاش كە سەروەری بۆ عێراقییەكان گەڕاوەتەوەو دەسەڵاتی هاوپەیمانان بەڕەسمی كۆتایی پێ هاتووە، لە ٢٠٠٤/٧/١٢ لە شاری سلێمانی بەبەشداری نوێنەری لایەنە سیاسییەكان و زانایان و ڕۆشنبیران و كەسێتی كۆمەڵایەتی و نیشتمانی و فكری بە جیاوازی ئینتیماو بیروباوەڕ كۆنگرەیەك بۆ پشتیوانی لەئازادكردنی مامۆستا عەلی باپیر سازكرا.

هەڵبەت پێویستە بوترێ گەرچی ئەم كۆنگرە ئازادكردنی مامۆستا عەلی باپیر ناونیشانی گرێدانییەتی، بەڵام لەڕاستیدا داكۆكیكردنی ناوەندە فكری و سیاسیەكەی كوردستان و شەقامی كوردستانە بۆ بەرگریكردن لە مافی ئازادی هەموو هاوولاتییەك لەكوردستان و عێراق بەبێ گوێدانە ئینتیمای نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینی و سیاسی و فكری و پێگەی كۆمەڵایەتی.

هەر لەو میانەیەدا كۆنگرە چەند لیژنەیەكی بۆ بەدواداچوونی پێكهێناو ئەم داواكارییانەی لای خوارەوەشی ئاڕاستەی حكومەتی نوێی عێراق و سەرجەم ناوەندە پەیوەندیدارەكان كرد.

داواكارییەكان:

١. ئیدانەی دەستگیركردنی دەكەین.

٢. داواكارین دەستبەجێ ئازادبكرێ و ئەگەر تاوانێكی دراوەتە پاڵ، ئەوا بدرێتە دادگایەكی عێراقی ئاشكرا.

٣. داواكارین پەرلەمان و حكومەتی هەرێم بەبەرپرسیارێتی خۆیان هەستن لەئازادكردنی سەركردەیەكی سیاسی كوردو هاوولاتییەكی ئەم كوردستانە.

٤. گێڕانەوەی ئیعتیباری سیاسی و مەعنەوی بۆ بەڕێزیان بەپێدانی پێگەی سیاسی شایستە بۆی.

**كۆنگرەی پشتیوانی**
**لەئازادكردنی مامۆستا عەلی باپیر**
**٢٠٠٤/٧/١٢**
**سلێمانی**

وێنەیەك بۆ:

- سەرۆك كۆماری عیراق.
- سەرۆك وەزیران.
- فەرماندەیی هیزە فرەرەگەزەكان.
- وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق.
- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان.
- حكومەتی هەرێمی كوردستان.
- وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال.
- ڕێكخراوی مافی مرۆڤ لەكوردستان.
- ڕێكخراوی مافی مرۆڤ لەعێراق.
- دەستەی زانایانی موسڵمان لەعێراق.
- ڕێكخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی.
- ڕێكخراوی خاچی سووری نێو دەوڵەتی.
- لایەنە سیاسییە كوردستانی و عێراقییەكان.
- دام و دەزگاو ڕێكخراوەكان.
- دەزگاكانی ڕاگەیاندن.

www.kurdistannet.org